پەرلەمانتارێک ڕەخنە لە لێدوانەکانی وەزیری نەوت دەگرێت سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان: "سەرلێشێواوییە"

پەرلەمانتار زرغام مالیکی ڕەخنەی لە لێدوانە دژبەیەکەکانی حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوت، لەبارەی ڕاگەیاندنی وادەی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان گرت.

مالیکی لە بەیاننامەیەکدا کە ئاژانسی "موتەڵەع" بەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕایگەیاند:

"بەدواداچوونمان بۆ لێدوانەکەی حەیان عەبدولغەنی، جێگری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری نەوت کرد، کە پێشتر دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانی بە ڕێژەی "185" هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە ڕاگەیاندبوو، بەڵام ئێمە سەرسام بووین بە پێچەوانەی بەیاننامەکانی لەگەڵ هەڵوێستی کۆمپانیا نەوتییەکان کە لە هەرێمدا کاردەکەن، کە پشتڕاستیان کردەوە کە هەناردەکردنەکە دەستپێناکاتەوە بەهۆی نەبوونی لێکتێگەیشتنی بازرگانی و گەرەنتی خەرجکردنی پارەی خەرجییەکان.

وتیشی، لێرەدا پرسیارمان هەیە لە دروستی ئەو زانیاریانەی کە وەزیر پشتی پێبەستووە لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارەدا؟

مالیکی پێی وابوو: ”ئەم دژ بەیەکییە یان ڕەنگدانەوەی حیسابێکی هەڵەی سیاسی و ئیدارییە یان نەبوونی پەیوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، کە وەزارەتی نەوت دەخاتە بەردەم

تەحەدایەک لە گەڕاندنەوەی متمانە لەبەردەم وەبەرهێنەران و لەبەردەم ڕای گشتیدا کە چاودێری چارەنووسی هەناردەکردنی نەوت و کاردانەوەکانی لەسەر ئابووری عێراق دەکات“.

جەختیشی کردەوە: "گرنگە وەزیر بەرپرسیارێتی ئەم سەرلێشێواوییە لە ئەستۆ بگرێت و نەهێڵێت بابەتەکە تێپەڕێت بەبێ ئەوەی ڕێڕەوەکە ڕاست بکاتەوە".